# چەمکی کوردۆلۆژی

کوردۆلۆژی یاخود کوردناسی لەمێژووی ئەدەب و کەلتور زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە ، کوردناسەکان بەر لە کورد لە کوردیان کۆڵیتەوە ، ئەو هەموو تویژینەوە و لیکۆڵینەوە و ڕاپۆرتانەی ڕۆژئاواییەکان لەسەر کوردیان نووسیوە ، بەشتێکی گرنگ لە کەلە پور و کەلتوری کورد پێکدەهێنن .

ئەو بوارە زانستیەی مرۆڤناسی ( کورد ) ، خۆی لە بنەڕەتدا کارێکی مەیدانی پیرۆزە ، بەلام زۆرجار هەتا خودی ئەو کوردناسە ئەو پیرۆزییە دەبەزێنن و وێنایەکی ڕاست و دروستی کۆمەلگای کوردی ناکەن ، ئەم سنور بەزاندنەش زۆر بواری گرنگی ژیان و مێژووی کوردی گرتۆتەوە ، ئەمە شتێکی چاوەڕێکراوە ، چونکە هەموو ئەمانەی وەك گەریدە و زانا و مرۆڤناس هاتونەتە کوردستان ، پیاوی زانست و ڕاست نەبوون بەلکو زۆربەیان پیاوی حکومەت و جاسوس بوونە! لەم ڕوانگەوە گرنگە کورد بە عەقلیەتێکی ڕەخنەیی ئەو مێژووی خۆی بخوێنێتەوە و جارێکیتر خۆی بینووسێتەوە ، هەروەها لەم ڕوانگەوە دەمانەوێت ڕووناکبیری کورد خۆی ئەو مێژووەی خۆی بەگوێرەی بنەماکانی میتۆلۆژی زانستی بنووسێتەوە ، تاکو مێژووەکەی و کەلتورەکەی هاوشانی چەمکی کوردولۆجی بێت .

# مێژووی کوردۆلۆجی

بێگومان کوردۆلۆجی لقێکە لە ڕۆژهەلاتناسی ، بەواتای کوردناسی لەهەناوی ڕۆژهەلاتناسیەوە لەدایکبووە ، چونکە ئەویش وەك ڕۆژهەلاتناسی دیتنی ڕۆژئاوایە بۆ کورد! د.عەبدوللا جەودەت یەکەم کەس بووە ، کە وشەی کوردناسی لە ساڵی 1913 بەکارهێناوە ، جەلادەت بەدرخانیش لە ساڵی 1934 لە وتارێکی بە ناوی ( کورد و کوردستان ب چاڤی بیانیان ) بەکاری هێناوە ،

لە سییەکانەوە کوردناسی و ڕۆژهەلاتناسی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا بەرچاو دەکەون .

کوردناسەکان زۆربەی لەو ڕەگەزانەبوون :

1-عەرەب 2-فارس 3-ئەرمەنی 4-ئەڵمانی 5-ئیتاڵی 6-ڕووسی 7-فەڕەنسی 8-بەریتانی

لەم ولاتانە چەند دەزگایەکی ئەکادمی هەن ، کە بەسەدان ئەرشیفی دیکۆمینتی کوردی تێدایە ، کە زادەی عەقلی ئەو کوردناسانەیە ، هەروەها کەلتوری کوردییە و کورد پێویستی پێیەتی .

# کوردناسە موسڵمانەکان :

لەدوای ئاشنابوونی کورد بە ئایینی ئیسلام ، کورد وەك نەتەوەیەك بەشێك لە نوسراوەکانی مێژوو نووس و جوگرافیناس و سەربردەنووسانی موسڵمانان داگیرکردووە ، ئەو نووسینانە لەزۆر ڕووەوە جێگای متمانەن چونکە ئەوسا هیچ ململانەییێکی نەتەوەی و ئاینی و مەزهەبی لە ئارادا نەبووە ، هەروەها ئەوسا ئەو هەموو نەتەوانەی ئەمڕۆ هەموو بەشداربوو لە دەسەڵات و بوندیانانی شارستانیەت و مەدەنیەتی ئیسلامیدا ، لەخوارەوە ئاماژە بەهەندێ نووسەران و کتێبەکانیان دەکەین :

1-موحەمەدی کوڕی جەریر تەبەری (839-923ز)

کتێبە مێژووەکەی بە (تاریخ الامم والملوك) ناسراوە ، ئەم کتێبە لە دروستبوونی بونەوەرەوە دەست پێدەکات هەتا ساڵی 915ز ، لە زۆر شوێن باسی کوردی کردووە .

2-ئیبن ئەسیری جەزیری / ئەبی حەسەنی عەلی کوڕی مەحەمەدی شەیبانی 630ی کۆچی مردووە ، کتێبەکەی بە (الکامل فی التاریخ) ناسراوە ، ئەم کتێبە بە درێژە پێدەری کتێبەکەی تەبەری دێت و سەبارەت بەکوردەوە بە درێژی باسی بزوتنەوە کوردیەکانی سەدەی نۆیەم و دەیەم دەکات .

3-ئیبن حەوقەل ساڵی 977ز کۆچی دوای کردووە کتێبەکەی بەناوی (صورة الارض) زۆر بەڕوونی نەخشەی کوردستانی کێشاوە ، هەردوو بەشی (جیبال) و (جەزیرەی)ی دیاریکردووە .

4-ئەلمەقدیسی ساڵی 985ز کۆچی دوای کردووە ، کتێبەکەی ناوی (أحسن التقاسیم في معرفة الاقالیم) زۆر بەدرێژی باسی لە دابونەریت و کەلتور و وڵاتی کوردان کردووە ، کوردستانی بە هەرێمی سەربەخۆ لە وڵاتانی دی داناوە .

ئەمە هەر لەسەدەی سێیەمی کۆچیەوە کۆچڕەوە موسڵمانە گەڕۆك و وڵاتناسەکان نەك هەرباسی کورد و کەلتوری کورد و ئایینی کوردیان کردووە ، بەڵکو زۆربەی جوگرافیە ناسەکان نەخشەی کوردستانیان کێشاوە .

# کوردناسە ڕۆژئاواییەکان :

هەرچەندە زەینەفون یەکەم ڕۆژئاواییە ,کە دوای هێرۆدۆتسی مێژوونووس شتی لەبارەی کوردەوە گوتبێت ، هەروەها لە سەردەمی شەڕی خاچ پەرستەکانیش پەیوەندی لەنێوان ڕۆژئاوا و کورد دروستبووە ئەمەش لەلایەك بەهۆی سڵاحەدین ئەیوبیەوە بووە ، لەلایەکی تریش زۆربەی سەربازەکانی سوپای سڵاحەدین کوردبوون .

ئەم جۆرە پەیوەندیانە زۆر پەیوەستنین بە بواری کوردناسیەوە ، زانستی ڕۆژهەڵاتناسی و کوردستانی لەسەر ئەو بنەمایە دانەڕێژراون ، بەڵکو ئەو جۆرە پەیوەندی و ناسینە لە ئاکامی شەڕەوە دروستبوون .

بەحوکمی ئەوەی جولەکە و ئەرمەنی پەیوەندیەکی کۆنیان لەگەڵ کوردان هەبووە ، بۆیە ئەوان بەر لەخەڵکانی دی ڕۆژئاوایی باسی کوردیان کردووە ، لەم بەشەش هەوڵ دەدەین ئاماژە بەناوی هەندێ کوردناس و نوسراویەکانیان بکەین :

1-مارکۆ پۆلۆ (1254-1324ز)

جوگرافیاناس و گەڕاڵێکی ناسراوی ئیتاڵییە ، بۆ ئەوە دەگەڕێ کە مارکۆ پۆڵۆ یەکەم ڕۆژئاواییە ناوی (کوردستانی) بەکارهێناوە

2-ژان باپتیست تاڤێرنە (1605-1689ز)

بازگانێکی فەڕەنسی بووە ، لەساڵی 1622ی زاینیی گەشتێکی بۆ کوردستان کردووە کتێبەکەی بە ناوی (شەش گەشت بە پاریس) گرینگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە گەشتەکەی تاڤێرنیە بۆ کوردستانی هاوکات بووە بە بەردەوامی سەفەر نامەکەی (ئەولیا چەلەبی) و سەردەمی ئەحمەدی خانی شاعیر

3-مێریلا گالێتی

کتێبێکی لەسەر کوردان نوسیوە بەناوی (کەلتوری کوردی لە نووسراوەکانی ئیتاڵیەکاندا)

4-قەشە مۆریزیۆ گارزۆنی

لەساڵی 1787 کتێبێکی بەناوی (ڕێزمانی دانە وشەی زمانی کوردی) بلاوکردۆتەوە

5-لێرخ

یەکێ لەو کوردناسە ڕووسانە بووە ، کە زۆر شتی لەسەر کورد نووسیوە ، سێ کتێبی لەسەر کوردانی ڕۆژهەلات نووسیوە

6-ئەلێکساندەر ژاپا (1803-1894)

ئەلێکساندەر ژاپا زۆر لەگەڵ مەلا مەحمودی بەیازیدی (1799-1806) دۆست بووە بەهاوکاری ئەو چەندەها دەستنووسی کوردیان لە فەوتان ڕزگارکردوە ، هەندێ تویژەر نووسینەکانی بەیازیدی و بە سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی دادەنێن .

# جوگرافیایی کوردستان

## سنوورەکانی کوردستان :

کوردستان بە هەموو پارچەکانیەوە ، واتە : کوردستانی گەورە ولاتێکی ئاسیایدا ، دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئەو کیشوەرە ، سنوورەکەی لە باکوورەوە لەگەڵ ئازبێجان و ئەرمێنیا و تورکیادایە ، لە باشوورەوە لەگەڵ ئێران و کەنداوی ( عەرەبی – فارسی ) هاوسنوورینە ، لە ڕۆژهەلاتەوە ئێران و لە ڕۆژئاواشەوە عێراق و سوریا دەوری دەدەن ، ئەم ناوچانەش ، کە کەوتۆتە نێوان ئەو ولاتانەوە ، هەر لەکۆنەوە ولاتی کوردان بووە .

بەواتا کورد بە یەکێك لەو میلەتتانە دەژمێردرێت ، کە هەرلەچاخە کۆنەکانەوە پێکهاتەی دانیشتوانی ڕۆژهەلاتیان پێکهێناوە .

## ناوی ولاتی کوردان :

هەموو ئەو ولاتەی کوردی تیا ژیاوە لە کۆندا لەڕووی سیاسیەوە ( کوردستان ) نەبووە ، بەڵکو ناوانی دیکەی بەسەر دا براوە ، ئەوەتە بۆنموونە : تا چاخەکانی پێنجەم و شەشەمی کۆچی ، یازدە و دوانزەمی ولاتی کورد بەسەر چەند هەرێمێك دابەشبووە و لەو مێژووەی ئاماژەی بۆکرا ولاتی کوردان بەسەر ئەم هەرێمانی خوارەوە دابەشبوون :

1-هەرێمی چیاکان ( ئیقلیمی جیبال )

2-هەرێمی غەربی

3-هەرێمی جەزیرەی فوڕاتی

4-هەرێمی ئازربێجان

5-هەرێمی ئەرمێنیا

6-هەرێمی لوڕ ( لوڕستان )

7-هەێمی شەهرەزور ( شارەزور )

8-هەرێمی ڕاز

جگە لەمانەش هەندێ هۆز و تیرە و کۆمەڵەی کوری تر هەبوون ، لەهەرێم و شوێنەکانیدیکەی وەکو ( ولاتی فارس و غوزستان و ولاتی شام )دا دەژیان .

## یەکەم بەکارهێنانی زارەوەی کوردی :

تا ئەو ماوەی پێشوو لەلای مێژوو نووساندا وا باوبوو ، کە یەکەم کەس زارەوەی ( کوردستان )ی برپییێتە سەر ولاتی کوردان مێژوونوس و شارنسی فارسی( حەمدوڵلای مستەوفی قەزوێنی ) کوردستان لە نوسراوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی هیجری / سێنزەی زاینی چەندین جار هاتووە ، هەندێ لە مێژوونوس و گەریدەکان لە بەکارهێنانی ئەم زارەوایە لەولاتی کوردان دەیان ساڵ بە پێش ( قەزوێنی )کەوتونە ئەوەتە بۆ نموونە :

1-گەریدەی ئیتاڵی ( مارکۆپۆڵۆ ) کە لە ساڵی ( 723هیجری/1323زاینیی ) مردووە ، ساڵی 670( هیجری /1270 زاینی ) دەستی کردووە بە گەشتێك بۆ هەرێمەکانی رۆژهەڵات و لە نێویشیان وڵاتی کوردان ، لەگەشت نامەکەی دا زاراوەی ( کوردستان )ی بۆ وڵاتی کوردان بەکارهێناوە .

2-مێژوونوسی مەغۆلی ( ڕەشیدەدین فەزوڵلای هەمەدانی ) لە ساڵی ( 718هجری/1317زاینی ) لە کتێبەکەی خۆیدا ( تاريخ المغول ) زیاتر لەجارێك وشەی کوردستانی بەکارهێناوە .

1-رووبەری:-

زەوی و زاری کوردستان لە ڕووی بەرزی و نزمیەوە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکیدا لەیەك جیاوازە هەندێ شوێنی تەخت و دەشتی پان و بەرینی کاکی بەکاین ، هەندێ شوێنی بەرزن ، کە بەشێوەیەکی گشتی جوگرافیا ناسان دەڵێن : ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چیای بەرز داپۆشراون ، بەرزایی هەندێکیان زیاترە لە چوار هەزار مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا ، لەنێو ئەو چیایانە هەندێ دەشتایی تەخت هەن بەڵام ناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوا نزمن و چییان کەمە بەزۆری لە دەشتایی پێکهاتوون و گردیش لێرە و لەوێ بەدیار دەکەون .

بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین : تۆپۆگرافیای کوردستان لە سێ بەشی جوگرافیای جیاواز پێکهاتووە ، ئەوانیش بریتین لە : ( چیاکان ) و ( گردەکان ) و ( دەشتاییەکان ).

1-لەنێوان هێلەکانی ( 5-36 ) و ( 49 ) درێژیدا

2-لەنێوان هێلەکانی ( 5-30 ) و ( 5-40 ) پانی دایە

کوردستان ناوچەیەکە کۆی رربەرەکەی (500000 )کیلۆمەتری دوجایە . واتە بۆ نموونە هێندەی رۆوبەری پاشەنیشینی ئیسپانیا و لە نێو چل و چوار دەولەتەکەی کیشوەری ئەوروپادا تەنیا ( روسیا و ئۆکرانیا و فەرەنسا ) رووبەرەکەیان لە کوردستان فرەوانترە بەسەر چوار بەش دابەش کراوە بەسەر چوار ولاتدا

رووبەری خاکی کوردستان بەرێژەی سەدی بەم شێوەیە بەسەر چوار پارچەکانی کوردستان دابەش دەکرێت .

1-کوردستانی باکور42٪

2-كوردستانی رۆژهەلآت39٪

3-كوردستانی باشور16٪

4-كوردستانی رۆژ ئاوا3٪

## رووی كوردستان

بەشێوەیەكی گشتی رووی كوردستان لە چیای بەرزو دەشتی بە پیت و لە وەرگەی باش پێكهاتووە ، ناوچەكانی باشووری كوردستان زەوی و زارێكی دەشتی راست و رێكە و درێژ بووەوەی دەشتەكانی میزۆبۆتامیایە،بۆ كوشتوكاڵ بەكەڵكە ،هەروەها بەشێكی پێكهاتووە لەگردۆلكە ( زورگ )

لە كوردستان لانەی چە ندین دیمەنی دڵڕەفێن و جوانە بە تاییەتی لە ناوچە شاخاویەكانیدا ،بەناو بانگترین چیاكانی كوردستان :

نیوەی زیاتری تۆپۆگرافیای كوردستان لە چیا پێكهاتووە كە ئەم چیایانە خۆیان لە چەند زنجیرەیەكدا دەبیننەوە ، رووی ئەم زنجیرە چیایانە بەزۆری لە باكووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەلآتن .. بەرزاییان لە 500مەترە دەست پێدەكات و وردە وردە لەگەڵ درێژبوونەوەیان بەرزیش دەبنەوە ، تا دەگەنە 5000مەتر ، ئەو بەرزاییەش هێندە بەرزە بەشێوەیەك لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیادا كەم هەیە ناوچەیەكی دیكەی بێجگەی كوردستان ، چیاكانی بگەنە ئەو بەرزییە .

لوتكەی چیاكان زۆر بڵند و قەدەكانیان زۆر ڕك و پێچاو پێچن ، لە هەندێ شوێنیشدا لەیەك نزیك دەبنەوە ، بەمە لەگەلێ شوێندا دۆڵی سەختیان دروستكردووە قولآی هەندێكیان دەگاتە سەدان مەتر.

ژمارەی چیاكانی كوردستان تا ئێستا بە تەواوەتی دیارنییە ، سەرچاوەكان لەم ڕووەوە ژمارەی لێكجیا دەڵێن ، هەیانە دەڵێن : 122 چیا هەیە لە كوردستان ، هەشیانە ئەم ژمارە بەرزدەكاتەوە دەڵێت : ژمارەی چیاكانی كوردستان بریتییە لە 220 چیا . ناوی هەندێك لە چیا بەناوبانگەكانی كوردستان ئەمانەن :

1-چیای ( ئارارات )ی گەورە ،بەرزیكەی ( 5165م )لە پارێزگای ئاگری لە كوردستانی باكوور

2-چیای ( رەشكۆ ) بەرزیەكەی ( 4135م )لە پارێرزگای هەكاری لە كوردستانی باكوور

3-چیای( سیپان )بەرزیەكەی ( 4058م )لە پارێزگای بەدلیس لە كوردستانی باكوور

4-چیای( ئارارات )ی بچووك ،كە بەرزیكەی( 3952م )لە پارێزگای ئاگری لە كوردستانی باكوور

5-چیای( حەساروٚست )بەرزیكەی ( 3607م )لە پارێزگالی هەولێر،لە كوردستانی باشوور

6-چیای ( دیلمان )بەرزیەکەی( 3606م )لە پارێزگای ورمیٚ، لە کوردستانی ڕۆژهەلاٚت

7-چیای( قەندیل )بەرزیکەی ( 3460م )لە بارێزگای هەولێر لە کوردستانی باشوور

**گرینگی چیاکان :**

1-لەڕووی سیاسی و عەسکەریەوە بوونەتە شورەیەکی قایم بەڕووی دوژمنان ، هەر لەکۆندا و بە تاییەت لەو سەدەیی ڕابردوو پەناگەیەك بوونە بۆ شۆڕش و ڕا پەڕینەکانی کورد .

2-گەلێك کانزای گرینگ و جۆراوجۆر لە خۆیان هەڵدەگرن .

3-بەردەکانیان بۆ جوانکاری و بنیادنانی خانوبەرە و پرۆژەی جۆراوجۆر لەبواری بیناسازی سوودی گەورە دەگەیەنن .

4-قەد پاڵەکانیان دارستانی گەورەن و گەلێك جۆر داری گرینگیان لیٚ دەڕویٚ .

5-دەبنە بەربەستی باش بەڕووی بای بەهێز ، بەوەش زەویە کوشتوکاڵیەکانی نزیکیان دەپارێزن .

6-هۆکاری باشی گەشت و گوزاران و لەم ڕووەوە دەرامەتێکی باش بۆ خەڵکی خۆیان زامن دەکەن .

7-چەند ڕووەکی خۆڕسکی بەسوود بۆ خواردن لێیان دەڕویٚ وەك ( بەڕوو-سماق-گوێز-قەزوان-فستق-ڕێواس )

**گردەکانی کوردستان :**

گردەکانی کوردستان بەزۆری لەچەند زنجیرەیەکی خواروخێچی ، لەچاو چیاکانی دەوروبەری زۆر بەرزنین ، بەلاٚم لەچاو دەشتەکانیش ئەوان بەتەواوی جیانە و دەبیندرێن ، کە چەند بەرزن ، هیوایان هەیە ، لەهەندیٚ شوێنیدا بەرزاییەکەی دەگاتە 1750مەتر ، وەکو ئەمە لەبەشی ڕۆژهەلاٚتی گردی ( پاسینلەر) کوردستانی باکوور دەکەوێتە بەرچاو ، هەشیانە لەوەش بەرزترن ، وەکو هەندیٚ بەشی گردی (گەوەر) کە بەرزاییەکەی دەگاتە 2000 مەتر لەئاستی ڕووی دەریاو هەندیٚ بەشی گردی ( گواندا ) بەرزییەکەی دەگاتە 2430مەتر لەئاستی ڕووی دەریا .

**سوودی گردەکان :**

1-هەندیٚ جار دەبنە بەربەستێك بەڕووی هێرشی بای بەهێز و ناوچە دەشتاییەکانی دەوروبەریان لە هەندیٚ لەو زیانانە دەپارێزن کە لەوانەیە بایە بەهێزەکان دووچاریان بکەن .

2-لەڕووی مەڕداریەوە ئەو گردانە هەمیشە بە تاییەت لە بەهاراندا دەبنە لەوەڕگای گرنگ بۆ مێگەلەکان .

3-هەندێ لەو گردانەی کە زۆر بەرزو سەخت نین و پشتێکی تا ڕادەیەك پانیان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە (گەنم و جۆ و نیسك و نۆك) سوودیان لێ وەردەگیرێ .

4-بەروبومی ڕووەکی خۆڕسك کە پڕە لە نیترات دەهێنێتە بەرهەم وەك (کەنگر-کاردی-دۆمبەڵە-تۆرکە- پیفۆك)

گرینگترین گردەکانی کوردستان :

ئەو گردانە زۆرن ، زۆربەشیان دەکەونە هەرێمی کوردستانی باشوور لەوانە :

1-بایەزید دەکەوێتە سێگۆشەی کوردستان و ئێران و تورکیا .

2-بەرزنجە دەکەوێتە سنووری پارێزگای سلێمانی ، لەنێوان زنجیرە چیاکانی هەورەمان و دەشتی پانی شارەزوور ، شاریاژێڕیش دەکەوێتە بەشی باکووری .

3-کەرکوك لەنزیك ڕووباری دیالە دەستپێدەکات بەرەو ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە تا دەگاتە دەشتی هەولێر .

4-باسینلەر دەکەوێتە ناوچەی ئەرزڕۆم کوردستانی باکوور .

5-کواندە دەکەوێتە باکووری شاری دهۆك .

دەشتەکان :

دەشتەکانی کوردستانیش بەشێکی دیکەی گرینگی خاکی کوردستان پێکدەهێنن ، ئەو دەشتانە پان و بەرین و تەختن ، ڕووبەرەکانیان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕدرێت بەڵام بە هەموویان 15٪ ڕووبەری گشتی خکی کوردستان دادەپۆشن .

سوودی دەشتەکان :

1-لەڕووی ئابووریەوە بڕبڕەی پشتی ئابووری کوردستان پێکدەهێنن ، چونکە لەڕووی کوشتوکاڵیەوە زەویەکانیان زۆر بەپیتە ، دەتوانن دانەوێڵەی تەواوی نەوەك تەنها کوردستان بەڵکو ناوچەکانی دەوروبەری کوردستان پێکبهێنن ، ئەوەتا تەنیا بەشێك لە دەشتەکانی کوردستانی باشوور ، دەتوانن بەروبومی دانەوێڵەی هەموو عێراق زامن بکەن بۆیە پێیان دەگوترێ (سلە الخبز العراقي) .

لەلایەکی دیکەوە دیارە جگە لەکوشتوکاڵ نەوتیش لە زۆربەی ناوچە دەشتاییەکانی کەرکوك و هەندێ ناوچەی هەولێر و شوێنانیدیشدا هەیە ، کە ئەوەش گرینگی یەکجار گەورەی هەیە.

2-شوێنی حەوانەوەی خەڵکێکی زۆرن و زۆرێکی شار و شارۆچکە و گەندەکان لەخۆوە دەگرن .

**هەندێ لە دەشتە گرینگەکانی کوردستان :**

**1-دەشتەکانی (حەویجە ، ڕانیە ، شەنگال ، سلێمانی ، سندی ، شارەزور ، قەراج ، کەندێناوە ، هەولێر) لە کوردستانی باشوور .**

**2-دەشتەکانی ( شوی ، مەریوان ) لە کوردستانی ڕۆژهەلاٌت .**

**3-دەشتەکانی ( ماردین ، ئورفە ) لەکوردستانی باکوور .**

## کەش و هەوا

**کەش و هەوای کوردستان کەشێکی وەکو هەوای دەریای ناوەراستی هەیە ،لەهاویندا گەرم و وشکە و لەزستاندا ساردو بارانوییە .لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەفرێکی زۆر دەبارێت جگە لە هەندێ ناوچەی باشووری کە لە هاویندا پلەی گەرمی دەگاتە 45 پلە هەروەك لەشاری خانەقین رووەدات.هەتا بەرەو باکوور بڕێن پلەی گەرما کەمتر دەبێتەوە بەتای بەتی بەرەو ناوچەکانی باکووری خۆرهەلاٌتی کوردستان کە زۆرجار لە زستاندا پلەی گەرمای ناوچەکانی بۆ 30 پلەی ژێر سفر نزم دەبێتەوە .هەروەك لە شاری (ئاگری) دا روودەدات لە هاوینیشدا پلەی گەرمی لە25 پلە تێنا پەرێ.**

## بەرهەمی ئاو لە کوردستاندا

**ولاٌتی کوردستان بە ئاو دەولەمەندا،گرینترین و بەناو بانگە رووبارەکانی خۆرهەلاٌتی ناوەراست لە کوردستان هەلٌدەقولێن ئەوانیش ئەمانەن**

**1-رووباری دجلە:بەدووری (70کم)لە باکووری خۆرئاوای شاری دیاربکرەوە (ئامەد) هەلٌدەقولێت لە باشووری کوردستان لە گەلٌ رووباری فورات( شتەول عەرەب ) پێکدەگەن دەرژێنە کەنداوەوە درێژی ئەم رووبارە ( 450کم )**

**لەکوردستانی باکوور ( 300کم )**

**لە کوردستانی باشوور ( 150کم )**

**لە عێراقدا رووباری دجلە درێژی (200-250کم)سنورێکی سروشتی لە نێوان کورد و عەرب دا دروست کردووە.رووباری دجلە لق و جۆگەی گرنگ و چاکی هەیە وەك .**

**1-لە کوردستانی باکوور:دەریاچەی ( گولیچوك )لە باکووری خۆرئاوای ( ئامەد )ئاوێکی زۆردەدات بە رووباری دجلە،کە لەمانەی خوارەوە پێکدێت کەچەند لقێکن (بۆ گاز-باتمان-هنرۆ-چاتك-بەدلیس-بۆتان).**

2-له كوردستانی باشوور پێنج جۆگەو لقی سەرەکی تێدەرژێ و سالأنە ( 66٪ی )ئاوەکەی دابین دەکەن

1-خابوور:له كوردستانی باكوور هەڵدەقوڵێ دێتە ناو كوردستانی باشوور له هەردوو قەزای ئامێدی و زاخۆ لێك جیادەکاتەوە. به زاخۆدا تێدە پەڕێت .له نزیك ئیبراهیم خەلیل به لقی ( هیزل )دەگات.لەسەر سێ گۆشەی عێراق و توركیاو سوریا دەرژێتە ناو دیجله

2-زێی گەورە:له كوردستانی باكوور هەڵدە قوڵێت درێژیکەی (450 )کم.له كوردستانی باشوور درێژی (250 )کمئاوێکی زۆری هەیە .له خۆرهەڵتی ئامێدییەوە دێتە كوردستانی باشوور .به باشووری بارزاندا تێدەپەڕێت بەرەو باشوور دەڕوات به لای خۆرئاوای هەولێر تێدەپەڕێت له نزیك ( نەمرود )باشوری موسڵ دا دەرژێتە ناو دیجله له باشوری ئەسکی کەلەکەوە لقی ( خازر )ی تێدەرژێت

3-زێی بچووك: ئەم ڕووبارە له كوردستانی خۆرهەلأتەوە هەڵدەقوڵێت درێژی (200 )کم له قەزای پێنجوێن له پارێزگای سلێمانی یەوە دێتە كوردستانی باشوور .به باشووری قەلأدزێ دا دەڕوات دەگاتە تەق تەق و دوبزەوە له نزیك ( الفتحە )دا دەرێژێتە ناو دیجله

4-( عوزێم ):له کۆندا ناوی لێنرابوو( ڕوانو )لقێکی بچوکەو له سێ ڕووباری بچووك پێکهاتووە کە بریتیە له ( خاسەسۆ_تاوق سۆ_ئاقسۆ )بەناو کەرکوك دا دەڕوات لەبەر کەمی ئاو وشك دەکات .

5-( سیروان )له كوردستانی ڕۆژهەلأت هەڵدەقوڵێت له باشووری هەڵەبجەوە دێتە كوردستانی باشوور به چەمی تانجەرۆ دەگات.دواتر به( کەلارو_شارە بان_بەعقوبە )بەرەو باشووری عێراق دادەڕوات و له باشووری بەغدادا دەرژێتە ناو دیجله درێژیکەی (450 )کم

ڕووباری فورات:له باكووری كوردستان هەڵدەقوڵێ له کۆمەڵێك سەرچاوە پێکدێت.کە دەکرێت به چەند لقێك

1-لقی سەرەوەی کە به( فورات )ناسراوە یاخود ( قەرەسۆ ) به ناو پارێزگاکانی ( ئەرزروم و ئەزر بێجان ) دادەڕوات

2-لقی خوارەوەی ککە پێدەگوترێت( مراد )کە بەناو پارێزگاکانی ئاگری و مرش و بن گوڵ و ئەلعزیزدا تێدەپەڕێت ئەم دوو لقە پێکدەگەن ڕووباری فورات پێکدەهێنێت بەناو كوردستانی ڕۆژئاواو باشوور تێدەپەڕن له نزیك شاری بەسرا وە بەروباری دیجله دەگەن شەتول عەرەب پێکدەهینن دەرژێتە ناو کەنداو .

گرینگترین لقەکانی ڕووباری فورات ئەمانەن :

1-( مونزور_پەری_کولك_توخمە ) کە له چیایی ( تۆرۆسل )دورترین ناوچەی خۆرئاوای كوردستان هەڵدەقوڵێ له نزیك شاری ( مەلاتیەدایە ) به فورات دەگات هەروەها لقی ( کوك سور، خا پور)دەرژێنە ناوی

2-ئاراس :لەخۆرهەلاّتی شاری ئەرزرۆمەوە هەلّدەقولیّ بەرەو خۆرهەلاّت دەروات بە پاریّزگاری ( قارس-ئاغادیر ) دادەروات

بەرەو سنووری ئەرمنستان سنووریّکی جیاکەرەوەیە بۆ ولاّتانی تورکیاو ئەرمنستان و ئیّران و ئازر بیّجان پیّکدهیّنیّت لە ئازر بیّجان رووباری ( ئاراس ) بە رووباری ( کورا ) دەگات و دەرژیّتە دەریای ( قەزویّن )( ئەرپاچای )گرینگترین لقی ئاراسە لە کوردستاندا.

## ئەو بەنداوانەی ،کە دروستکراوە لەسەر ڕووباری دیجلە و فوڕات دروستکراون

أ/ بەنداوەکانی کوردستانی باکوور کە بوونیان هەیە :

1-بەنداوی کابان

2-بەنداوی ئەتاتورك

3-بەنداوی قەرەقایە

4-بەنداوەکانی پڕۆژەی گاپ ( GAP ) لە کۆمەلّیّك بەنداەی بچووك پیّکهاتووە.

5-ئەو بەربەست و بەنداوانەی لەسەر ڕووباری دیجلە و لقەکانی دروستکراون بریتین لەمانەی خوارەوە:

1-بەربەستی کزاك کزی

2-بەربەستی دیکل

3-بەربەستی باتمان

4-بەربەستی سیّلڤان

5-بەربەستی کارزان

6-بەربەستی ئاسۆ

7-بەربەستی جەزیرە

8-بەربەستی گەڤەچی

9-بەربەستی قەزال قزی

10-بەربەستی دیجلە

ب/ ئەو بەنداوانەی ،کە لە کوردستانی باشووری عیّراق ، کە بوونیان هەیە ئەمانەن:

1-بەنداوی موسلّ

2-بەنداوی دوکان

3-بەنداوی دەربەندیخان

4-بەنداوی دهۆك

5-بەنداوی حەمڕین

6-بەنداوی بێخمە

7-بەنداوی دبس ( دوز)

ج/ئەو بەنداوانەی ،کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەمانەن:

1-بەربەستی ئارپاچای:لەسەر چەمی ئارپاچای ،لە ناوچەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە نزیك سنووری ئەرمەنستان.

2-بەربەستی مەهابات:لە خۆرئاوای شاری مەهاباد

3-بەربەستی ( قشلاق )لەشاری سنە

## سوودی بەنداوەکانی سەر ڕووباری کوردستان بریتین لە مانەی خوارەوە

1-دەبێتە هۆی درووستبوون و بەرهەمێکی زۆری کارەبا.

2-بە مەبەستی ئاودێری زۆربەی خاکی کوشتوکاڵی کوردستانی پێ ئاو دەدرێت.

3-بۆ بەخێو کردن و ڕاوکردنی بەرهەمی ماسی.

4-بۆ گلدانەوەی ئاوێکی زۆر بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست سوودی لێ وەربگیرێ.

5-بۆ بەرگری کارەساتی سروشتی وەك ( لافاو ).

6-بە مەبەستی گەشت و گوزار و هاوینە هەوار بەکار دێت کە سوودی لێ وەردەگیرێ.

7-بەمەبەستی ڕامیاری هەندێ جار دوژمنانی گەلی کورد سوودیان لێ بینیووە ، بە دا پۆشینی گوند و جێ نشینەکان.

## بەروبوومی کانزاکان لە کوردستانی گەورەدا

**ولاتی كوردستان بە كانزای جۆراوجۆر بەناوبانگە ، كە بریتین لە ( مس ، قورقشم ، نیكل ، ئەلەمنیۆم ، ئاسن ، زەنگ ، خەڵووز ، گۆگرد ، مەنگەنیز ، كرۆم ) بەڵام نەوت لە هەموو ئەو كەرستە سەرەتاییانە گرنگترە لە هەموو پارچەكانی كوردستاندا بڕێكی باش هەیە بەم شێوەی خوارەوە:**

**یەكەم/ كوردستانی باشوور : لەم شوێنانە نەوت بەدی دەكرێ ( كەركووك ، هەولێر ، موسڵ ، دیالە ) كێڵگە دیارەكانی كوردستان كە زۆر لە زووەوە نەوتی لێ دەرهێنراوە.**

**1-بە تایبەتی شاری كەركووك ئەمانەن :**

**أ-كێڵگەی ( بابەگوڕگوڕ ) لە ساڵی 1927 بۆ یەكەم جار نەوتی لێ دەرهێنراوە.**

**ب-كێڵگەی ( جەمبورە ) لە ساڵی 1954 نەوتی لێ دەرهێنراوە.**

**ج-كێڵگەی ( بای حەسەن ) لە ساڵی 1953 نەوتی لێ دەرهێنراوە.**

**بە شێوەیەكی گشتی هەرسێ كێڵگەكە لە قوڵایی ( 1500 – 3000 ) پێ هەڵكەنرێن ، هەروەها ( 44 ) بیرە نەوتیان هەیە.**

**2-شاری موسڵ: لەم كێڵگەیانەی خوارەوە نەوت هەیە وەك :**

**أ-كێڵگەی نەوتی ( عەین زالە ) لە ساڵی 1939 نەوتی لێ دەرهێنراوە.**

**ب-كێڵگەی نەوتی ( بە تمە ) لە ساڵی 1952 نەوتی لێ دەرهێنراوە.**

**3-خانەقین: كێڵگەی نەوتی ( نەفت خانە ) لە ساڵی 1928 نەوتی لێ دەرهێنراوە.**

**دووەم/ نەوت لە كوردستانی باكوور لەم پارێزگایانەی خوارەوە هەیە :**

**1-باتمان 2-سیرت**

**سێیەم/ لە كوردستانی ڕۆژئاوا لە پارێزگای ( حەسەكە ) پەترۆڵ هەیە**

**چوارەم/لە كوردستانی ڕۆژهەڵات لە پارێزگای ( كرماشان ) هەیە.**

## گرنگی نەوتی كوردستان لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەكەوێ

**1-كوالیێتی نەوتەكە زۆر باشە بەرامبەر نەوتی جیهانەوە.**

**2-قوڵایی نەوت لە ڕووی زەویەوە زۆر نزیكە بە ئاسانی بەرهەم دەهێندرێت.**

**3-بە بڕێكی كەم لە تێچوونی بەها تێدەچێ.**

جگە لەوسەرچاوە پەترۆڵیانە زۆر سەرچاوەی دیکەی وەك غازی سروشتی هەیە ،جگە لەمانە چەند کانزایەکی زۆر پێویست هەیە بۆ پیشەسازی وەك ( ئاسن-ئاڵتون-یۆرانیۆم-بەردی بەنرخ بۆ بیناسازی-بەردی گرنگ بۆ پیشەسازی چیمەنتۆ و شووشە-مەرمەڕیش هەیە ،کە یەکێکە لەسامانە کانزایە گرنگەکانی کوردستان ).

**گواستنەوەی نەوتی کوردستان بە مەبەستی فرۆشتن بەم ڕێگەیانەی خوارەوە بەبۆڕیە نەوت کێشەکان دەگوازرێنەوە**

**یەکەم/ کوردستانی باشوور :**

أ-کەرکووك ← حەیفا ( ئیسرائیل )

ب-کەرکووك ← تەڕابولس ( لبنان )

ج-کەرکووك ←بانیاس ( سوریا )

د-کەرکووك ←دورتیول ( تورکیا )

**دووەم/ کوردستانی ڕۆژئاوا :**

أ-قەرەچوك ←(تەڕتوس ) بۆ سەر دەریای ناوەڕاست

**سێیەم/کورستانی باکوور**

أ-با تمان←(ئەسکەندەرونە ) بۆ سەر دەریای ناوەڕاست

## کوردستانی باشوور کەئێستا پێی دەڵێن حوکمەتی هەرێمی کوردستان

ئەم نیشتیمانە جوانە کە پێی دەڵێن حوکمەتی هەرێمی کوردستان لەم پارێزگایانە پێکهاتووە ( هەولێر – دهۆك – سلێمانی – کەرکووك – هەڵەبجە ) بەشێك ، کە لەناوچەکانی کەوتۆتە پارێزگاکانی موسڵ و دیالە و سەلاحەدین و کووت ، تەواوی ڕووبەرەکەی ( 83000 )کم . 16٪ ی کۆی ڕووبەری کوردستانی گەورە پێك دێنێت. 18٪ی کۆی ڕووبەری دەوڵەتی عێراق دەگرێتەوە. ڕووبەری کوردستانی باشوور نزیکەی ڕووبەری ( نەمسا )یە لە ڕووبەری زۆر دەوڵەتی ئەوروپا فراوانترە.

**هەشت جار لە ڕووبەری ( لوبنان ) گەورەترە. سیانزە جار لە ڕووبەری ( فەلەستین ) و 94 جار هێندەی دەوڵەتی ( بەحرێنە ).**

**ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی باشوور 6 ملیۆن کەسە 16٪ی کۆی دانیشتوانی هەموو کوردانی جیهان پێکدەهێنێت. 28٪ی کۆی دانیشتوانی عێراق و ژمارەیەك کەمیینەی نەتەوایەتیش لەگەڵ کوردانی کوردستانی باشوور نسشتەجێ بوونە.**

**ئەوانیش کەمینەی ( مەسیحیەکانی کلدان و ئاشوور ) کەمینەی ( تروکمان و عەرەبەکان ) زۆربەی دانیشتوانی کوردستانی باشوور موسڵمانن کەمینەیەکی مەسیحی بە هەموو کەنیسە جۆراوجۆریانەوە لەگەڵ تائیفەیەکی دیکەی کوردانی ئێزیدین.**

# میژووی کورد و کوردستان

**چاخە دێرینەکان :**

**بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی زانایانی شوێنەوەرەکان و مێژوو ناسەکان گەلاڵەیان کردووە، وڵاتی کوردستان یەکێکە لە دێرینترین ئەو ناوچە شارستانیانەی لەجیهاندا بوونیان هەبووە، هەر بۆیە کوردستان لەخۆرانیە بەلانکی شارستانیەتی مرۆڤایەتی دادەندرێت.**

**لەم پانتاییە جوگرافیاییەی ئەمڕۆ پێیدەگوترێ کوردستان ، زانایانی شوێنەوارەکان یاخود ( شوێنەوارناسەکان ) پاشماوەو شوێنەواری کۆنترین و دێرینترین کۆمەڵگای مرۆڤاییەتیان دۆزیەوە. مەبەستمان لەم شوێنەوارانە :**

**1-ئەشکەوتی ( شانەدەر ) لە پارێزگای هەولێر**

**2-ئەشکەوتی ( هەزارمێرد ) لە پارێزگای سلێمانی**

**3-ئەشکەوتی ( بێستون ) لە پارێزگای کرماشان**

**مێژووەکانیان بۆ پێش ( 35 ) هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێننەوە.**

**1-لە کوردستاندا مرۆڤ گەنم و کوشتوکاڵ کردن و بەخێو کردنی ئاژەڵی دۆزیەوە و فێری بوو.**

**2-یەکەمین کۆمەڵگای کوشتوکاڵی لە هەموو جیهاندا هەر لە کوردستانەوە دەرکەوتووە هەر لەوێشەوە بووە پیشەی ( کوشتوکاڵ کردن و زەوی چاندن ) بۆ وڵاتانی دیکە گواستراوەتەوە.**

**3-بونیادەکانی شارستانی مرۆڤایەتیش لە کوردستان بڵاوبۆتەوە.**

4-**یەکەمین گردبوونەوەی دانیشتوان لەناو گوندەکاندا هێنرایە ئاراوە.**

5-**هونەری دروستکردنی قاپ و قاچاخ.**

6-**دروستکردنی شورا بەدەوری گوندەکاندا یەکەمین سەرچاوەیان هەر کوردستانە.**

7-**ئەو مرۆڤانەی لەکوردستاندا ژیاون یەکەمین کەس بوون مردووەکانیان لەناو گۆڕدا شاردۆتەوە و گۆڕیان بۆ مردوو هەڵکەندووە.**

8-**داهێنەری ڕێوڕەسمی دانانی تاجە گوڵینە بوون لەسەر گۆڕی مردووەکان.**

9-**لەکوردستاندابوو یەکەمین ئاین و بیر و باوەڕ لەلای مرۆڤ سەری هەڵدا.**

**نزیکەی چەندین هەزار ساڵە کورد لەم کوردستانەدا نیشتەجێبووە. هەر لەم سەردەمی سۆمەریەکانەوە ( 3000-2500 )ساڵ پێش زایین لەسەر تابلۆ سۆمەریەکانەوە. ناوی وڵاتی کوردان بە ( کرداکا ) هاتووە.**

**لەسەر ئەو تابلۆیانەش ،کە بۆسەدە ناوەڕاستەکانی ئاشوریەکان دەگەڕێتەوە بۆ ( 1115-912 )پێش زایین. ناوی گەلی کورد بەناوی گەلی ( کورتی ) هاتووە.**

**بەڵام ناوی کورد و نەتەوەکەیان لە کتێبەکەی( زەینەفون )دا زۆر بەڕوونی باس کراوە. زەینەفون سەرکردە و مێژوو نووسێکی یۆنانی بووە. ساڵی ( 401 )ی پێش زاین لەو دەمەیدا بەهەرێمی ( بابل )ەوە ،کە ئەو کات فارسی بووە بۆ وڵاتی گریك ( یۆنانی ) گەڕاوەتەوە و بەخاکی وڵاتی کوردستاندا تێپەڕیوە ،کە ئەم سەرکردە یۆنانیە لەو کتێبە بەنرخەدا بەشێوەیەکی فراوان و دوور و درێژ باس لەڕێ و ڕۆشتنی ( 10هەزار ) سوارچاکی یۆنانی دەکات بە ناو خاکی وڵاتانی ( کاردۆخ )یدا ،ئەو وڵاتەی بەگوێرەی قسەی زەینەفون هەر لەشاری موسڵی ئێستاوە تا ناوچەکانی ( بتلیس )ی خۆرئاوەی دەرچایەی ( وان )درێژ دەبێتەوە.ئەو کات یۆنانیەکان ،لەڕووی جوگرافیاوە ئەم کوردستانەی ئێستایان بەسەر دوو ناوچەی گەورەدا ،دابەشکردووە.**

**یەکەمیان: وڵاتی کاردۆخی یان ( کوردوئین )بووە ئەو ناوچەیە تەواوی ئەو پانتاییانەی دەگەڕێتەوە ،کەدەکەوێتە نێوان دەریاچەی ( وان ) و ناوچەکانی خۆرئاوای دەریاچەکە لەباکوورەوە ،هەموو ئەو ناوچانەی دەکەوتنە نێوان باشووری دەریاچەکە تا شاری موسڵی ئێستا.**

**دووەم: ئەم پانتاییە یان تەواوی ئەوناوچەنەی دەگرتەوە ،کە دەکەوێتە نێوان خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە و بەرەو بانەکانی ئێران و ئەو ناوچانەی ڕووباری زێی سەروو دەکەوتنە باکووریەوە ، لە باشووریشەوە دەشتەکانی ڕافیدەین**

( میسوپۆتامیا )بوو. ئەم ناوچە بەوڵاتی ( میدیا ) ناودەبران. ئەویش وەکو ئاماژەیەك بۆ خێڵی کوردی ( میدی ) ئەم خێڵە لەساڵی ( 1600 )بەر لەزایین. لەدەوروپشتی ناوچەکانی باکووری دەریای قەزوین و دەریای ڕەشەوە. بۆ کوردستان کۆچیان کردووە.

کۆچ کردنی ئەمانیش لەچوارچێوەی ئەو زنجیرەی کۆچ و کۆچبارانە بووە ، کە خێڵە ( ئارییەکان ) یاخود ( هیند و ئەوڕپییەکان ) ئە نجامیان داوە. خێڵە هیند و ئەوڕپییەکان زۆر لەیەکدییەوە نزیك بوون و هەمووشیان لەیەك ڕەسەن و بنەچەوە هاتوون ،دواتر چەندین خێڵ و گەلی جیاجیان لێ بۆتەوە و لەیەکەوە دوور بوون و لەڕێگەی کۆچی بەکۆمەڵی جیاجیا بەرەو ناوچەی لێك دوور ،لە ئەوڕوپا و خۆرئاوای ئاسیادا بڵاوبووەنەتەوە.

( میتانی ) و ( سکیش ) دوو خێڵی دیکەی هیند و ئەوڕپین ،کە بۆ کوردستان کۆچیان کردووە. ئەم خێڵانە لەگەڵ ( کاشی – کوتی – لۆلۆبیی – ئیلامی هۆریەکان ) تێکەڵ بوون ،کە ئەمانە دانیشتوانی ڕەسەن و دێرینی کوردستان بوون.

دەربارەی ڕەچەڵەکی ڕەسەنی ڕەگەزی گەلی کورد زۆر لە نووسەر و توێژەرەوەکان دیدو بۆچوونیان خستۆتەڕوو ، زۆر لەوانە ڕەچەڵەکی ڕەسەنی گەلی کورد بۆ میدییەکان دەگەڕێنەوە ،میدییەکان لە سەردەی ( شەشەمی ) پێش زایین دا توانیان یەکەمین ئیمپڕاتۆریەتی هیندوئەوڕپییەکان دا بمەزرێنن.

میدییەکان هیند و ئەڕوپین و لەوەدا هیچ گومانێك نیە ،بەڵام واباشترە ڕەچەڵەکی ڕەسەنی کورد تەنیا بۆ میدییەکان نەگەڕێنینەوە ،چونکە لەڕاستیدا میدییەکان تەنیا بەشێکی ڕەچەڵەکی کوردیان پێك هێناوە ،میدییەکانیش هەر وەکو ( میتانی-سیکش-کاردۆخیەکان )خێڵك بوون لەخێڵە هیند و ئەوڕپییەکانی کوردستان.

هەموو خێڵە هیندوئەوڕوپییەکانی ،کە بۆکوردستان کۆچیان کردووە ،هەموویان بەیەکەوە ڕەچەڵەکی ڕەسەنی کورد پێکدەهێنن ، چونکە ئەوان پاش کۆچ کردنییان دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ناوچەکەیان لەناو خۆیاندا تواندۆتەوە.

میدییەکان خێڵێکی کوردبوون ،بەهۆی بەهێزبوونیانەوە توانیویانە ژمارەیەك خێڵی دیکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و یەکبگرن و هێزێکی گەورەی سەربازی و سیاسی لە وڵاتەکەدا پێکەوە بنێن و ناوبانگ بۆخۆیان بەدەست بهێنن.

ناوناوبانگی میدییەکان لەوکاتەوە دەرکەوت کاتێ میر ( دیاکۆ ) هاتە ئاراوە ،ئەم میرە هەر ساڵی ( 701 )ی پێش زایینەوە لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە هەرێمەکانی ( ئەردەلان و موکریان و ناوچەی شارەزور ) دەسڵاتی بەڕێوە دەبرد. لەنێوان ساڵانی ( 647-625 پێش زایین )دا و ئەو ئەوکاتەی شا ( فزاوەرت )ی کوڕی دەسەڵاتی بەڕێوە دەبرد. دەوڵەتی میدیا بووە هێزێکی سیاسی و سەربازی ،کە هاوشانی دەوڵەتی ئاشووری دەبوو ،لەڕاستیدا لەتەواوی جیهانی کۆندا

دەوڵەتی میدیا ئەو کاتە بەناوبانگ بوو ،کە بەسەرکردایەتی شا (کەی خەسرەو ). ( 625-585 ) پێش زایین توانی بەسەر ئیمپڕاتۆریەتی ئاشووریدا سەرکەوێت و هێزێکی مەزنی میدی دروست کرد ،کە تا ساڵی ( 549 پ.ز) خاوەنی دەسەڵات بوو.

لەم ساڵەدا میرێکی فارسی بەناوی ( کورەشی ) ئەخمینی ئیمپڕاتۆریەتی میدیا. واتە ئیمپڕاتۆریەتەکەی باپیری ،لەناو برد باپیری لەلایەن دایکیەوە ،واتە ( باوکی دایکی ). دواتر گەورەترین ئیمپڕاتۆریەتی ئەو کات جیهانی کۆنی دامەزراند ، کە بە ئیمپڕاتۆریەتی ( ئەخمینی ) ناسراوە.

هەر چەندە کوردان لەناو چیاکانی خۆیاندا جۆرە دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمیان هەبووە و بەڵام کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئەم ئیمپڕاتۆریەتەدا بووە تا ئەو کاتەی لەباکووری بەڵقانەوە ،ئەسکەندەری مەکدۆنی پادشای یۆنان دەرکەوتووە.

لە دوا دواییەکانی ساڵی ( 331 پ.ز)دا ئەسکەندەر هاتۆتە ناو شاری هەولێرەوە ، پێشتر ( داریوشی سێیەم ) خۆی لەناو قەڵای هەولێردا قایم دەکات پاش ئەوەی لە گۆڕەپانی ئەو شەڕەدا شکست دەهێنی ،کە لە دەشتی ناو کووری بناری چیای مەقلوب دا ڕوویدابوو ،ئەو ناوچەیەش لەنزیك مەڵبەندی قەزای ( شێخان )ی ئێستاوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەر لەوەی ئەسکەندەر بگاتە هەولێر داریوش هەولێریشی جێهێشتبوو ،بەو جۆرە کوردستان بەتەواوەتی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئەسکەندەر و جێگرە ( هێلینییەکان ) واتا ( سلوکیەکان ).

تا ئەو کاتەی بنەماڵەیەکی تازەی ئێرانی بەناوی ( پارثیەکان ) دەرکەوتن و لەساڵی ( 94 پ.ز) و لەسەردەمی شا ( مەهرداوی دووەم ) دا. توانیبوویان ڕووباری فوڕات بکەنە سنووری خۆرئاوای ئیمپڕاتۆریەکان ،لەماوەی ئەم قۆناغە دوور و درێژە دا( هەر لە هێرشەکانی ئەسکەندەرەوە تا پەلامارەکانی مەهردادی دووەم ).

کوردستان چەندین میرنشین و دەوڵەت و دەوڵەتۆکەی کوردستانی بەخۆوە دیوە ،وەکو دەوڵەتۆکەی :

1-میدیای ئەترۆپاتین ( ئازربێجان )

2-ئادبایین ( حدیاب )

3-کوردۆئین ( کوردیا )

4-ئاسرهۆین ( ئۆدیسا )

5-کۆماین و سوفیانی

6-حوکمرانیەتی ئەرمەنییەکان لەهەرە باکووری وڵاتی کوردستاندا

بۆ یەکەم لەساڵی ( 95 پ.ز)دا ڕۆمەناکان لەکوردستان دا دەرکەوتن. ( سوللا )ی سەرکردەی ڕۆم لەکەنارەکانی ڕووباری فوڕات دا. واتە لە خۆرئاوای کوردستان دا زنجیرەیەك گەڕان و جەولەی کردەوە و هەوڵی داوە میرنشین و

دەوڵەتۆکەکانی ئەو ناوچەیە بخاتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانییەوە. ساڵی ( 95 پ.ز ) تەواو نەبووە ( بۆمبای ) سەرکردەی ڕۆمانەکانی ناوچەکانی دڵی کوردستانی خستۆتە ناو سنوری ئیمپڕاتۆرییەتەکەوە و لە ڕووباری فوڕات پەڕیوەتەوە. ئەو ناوچانەی ئەمڕۆ بەکوردستانی باکوور حساب دەکرێ( میرنشینەکانی کۆماکین و ئوسرهاوین و کوردۆئین و ئەرمینیای ئەو کات ). چوونەتە ژێر دەستی ڕۆمەکانەوە خۆرهەڵاتی کوردستان و ناوچەکانی باشووری کوردستانیش ( میرنشینی میدیا ئاترۆپاتین و ئادیابین ) لەژێر دەسەڵاتی ئارثی فارسەکاندا بووە.

بەهۆی ئەم پێشڕەوییەی کردنی ڕۆمانەکانەوە ململانێکی توند لەنێوان هەردوو ئیمپڕاتۆریەتی فارسی پارثی. ( ساسانیەکان ) و ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانیەکان. دواتر ( ڕۆمانی خۆرهەڵاتی بێزەنتینی )سەری هەڵداوە ،ململانێکەیان بەمەبەستی ئەوە بووە هەریەکەیان فراوانترین پانتایی لەخاکی کوردستان داگیر بکەن. لەو کات خاکی کوردستان سنووری جیاکەرەوەی نێوان هەردوو ئیمپڕاتۆریەتەکە بووە ،جگە لەوە مەیدانی شەڕ و شۆڕەکانیشیان بووە ،کە هەر جارەی یەکێکیان سەردەکەوتن و زەوی زیاتری بەدەست دەهێنا ،بەڵام لەزۆربەی کاتدا بەشی زۆری کوردستان هەر سەر بە دەوڵەتی فارسی بووە.

## چاخەکانی ناوەڕاست

ئەو ململانێ سەربازی و سیاسیە بۆ ماوەی ( 750 )ساڵ درێژەی هەبوو. تا ئەو کاتەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و سوپای ئیسلام لەنیمچە دورگەی عەرەبەوە دەرکەوتن ئەو کاتە توانی ئەو ململانێیە کۆتای پێ بهێنێت پاش ئەوەی دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆری ساسانی نەهێلا و شکستی بە سوپای بێزەنتیەکانیش هێنا ،کە لە ناوچەکەدا جێگیر ببوون. بەو جۆرە لەساڵی ( 650 زایینی )دا لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین دا زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە.

زۆربەی کورد چونەتە ژێر سێبەری ئاڵای ئیسلامەوە و خزمەتی زۆری شارستانی ئیسلامیان کردووە ،لەهەموو بوارێکدا چەندین و بگرە دەیان زانا و سەرکردە و زماناس و هونەرمەندیان پێشکەش بەو شارستانییە کردووە. هەر بۆنموونە :

1-ئیبن خولەکان

2-ئیبن و ئەلئەسیر

3-سەلاحەدین ئەیوبی

**4-زریاب موسڵی**

**پاش تەواو بوونی خەلافەتی ئەمەوی و لەسەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەکانی عەباسی دا لەکوردستان دا چەندین میرنیشی کوردی سەربەخۆ هاتنە ئاراوە. لەوانە :**

**1-میرنشینی شەدادییەکان لە نێوان ساڵانی ( 951-1174 ز) لە ئازربێجان دەسەڵاتیان هەبووە.**

**2-میرنشینی مەسنەویەکان لەنێوان ساڵانی ( 959-1015 ز) لەخۆرهەڵاتی کوردستاندا بە دەسەڵات بوون.**

**3-میرنشینی ڕوادییەکان لە ساڵانی ( 1029 ز) لە ئازربێجان و ئەرمەنستاندا هەبوون.**

**4-میرنشینی کوردی ئەیوبیەکان لە نێوان ساڵانی ( 1169-1250 ز) دا لەم شوێنانە دەسەڵاتیان هەبووە:**

**( خۆرئاوای کوردستان ، وڵاتی شام ، وڵاتی میسر ، وڵاتی یەمەن ، وڵاتی حیجاز)**

**بەڵام زۆربەی ئەم میرنشین و دەوڵەتە کوردیانە ،یەك لەدوای یەك لەناو چوون. بەهۆی پەلاماری کۆچ کردنی ئەو خێڵە تورکانەی کە لە سەرەتای سەدەی یازدەمینەوە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە و ناو ئێران دا. لەباکووری دەریای خەزەرەوە بە ناو قەوقازدا بۆ کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هاتن. ئەم خێڵانەش بریتی بوون لە :**

**1-خێڵی ئۆغۆز**

**2-خێڵی سەلجوقیەکان**

**3-خێڵی تورکمانی**

**ئەم خێڵانە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بڵاوبوونەوە ،بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەوانیش پاش بەرگری کردنێکی پاڵەوانانەی میرە کوردەکانی و زیانی زۆری تورکەکان بەدەست دەهات. تورکەکان توانیان چەند میر و میرنشینانی کورد لە کوردستان لەناو ببەن ، ئەوانیش ئەمانەن:**

**1-لەساڵی ( 1100 ) لە ( شارۆچکەی ئەخلات )ی سەر بە پارێزگای ( بەدلیس )ی ئێستا ،کە دوا میری کوردانی ( مەڕوانی ) لەباکووری کوردستان دا لە ناوبرا.**

**2-لەساڵی ( 1174 ) بەهێزترین میرنشینی کوردی لەناوبرا ،کە میرشینی ( شەدادییەکان ) بوو ئەم میرنشینە لەباکووری خۆرهەڵاتی کوردستان و لەهەرێمەکانی ئەزەربێجان و ئێراندا دامەزرێندرابوو.**

**لەهەمان کاتدا ،کەسایەتییەکی گرنگ سەری هەڵدا ،کە ( سەلاحەدین ئەیوبی ) بوو ،لەساڵی ( 1169 ز) دەوڵەتی ئەیوبی دامەرزاند ،کەجگە ( لە خۆرئاوا و باشووری کوردستان – وڵاتی شام – میسر – یەمەن – حیجاز) لەژێر دەستیا بووە.**

تا ساڵی ( 1284 ز ) دەسەڵاتی میرنشینی نەوەکانی سەلاحەدین لەزۆر ناوچەی ( خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا درێژەی هەبووە لە میسرو وڵاتی شام داو لەیەمەن و زۆر شوێنی کوردستاندا ،شان بەشانی ئەیوبیەکان میرو پاشا سەلجوقیە تورکەکانیش_ئەتابەگەکان زۆر ناوچەی کوردستانی خۆرهەڵات و باشووری کوردستان _ ئەنازۆڵ ،حوکمیان کردووە ).
سەلاحەدین لەکاتێکدا دەرکەوت وڵاتی ئیسلامی زۆر پێویستیان بەکەسایەتییەکی وەکو ئەو بووە ،چونکە هەر لەساڵی ( 1069 )یەوە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دوچاری چەندین هەڵمەتی یەك لەدوای یەکی خاچ پەرستەکان بووە ئەوان توانیان تەواوی کەنارەکانی باکوور و خۆرهەڵاتی دەریایی ناوەڕاست داگیر بکەن لە ( قودس و تەڕابلس و ئینتاکیا و ڕەها( ئورفە )ی خۆرئاوای کوردستاندا ). مەمالیکی خاچپەرستی دا بمەزرێنن ،بەڵام سەرکردەی کوردان سەلاحەدین ئەیوبی توانی یەسەریاندا سەربکەوێت و ساڵی ( 1187 ) لەشەڕی ( حەتین )دا شاری ( قودس ) ڕزگار بکات و تەواوی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەدەستی خاچپەرستەکان دەربهێنێ.
سەلاحەدین کەسایەتییەکی وابووە ،تەنانەت ئەوڕوپایەکانیش هەڵوێستی مرۆییە شەڕەفمەندانەکانی ئەو بەرز دەنرخێنن بە تایبەتی:
1-مامەڵەکردنی لەگەڵ پاشاکانی خاچپەرستەکان
2-مامەڵەکردن لەگەڵ دیل و گیراوەکان
3-مامەڵەکردن لەگەڵ دانیشتوان و مەدەنیەکان

مامەڵەکردنی سەلاحەدین تەواو پێچەوانەی مامەڵەی خراپی سەرکردە خاچپەرستەکان بووە.
زۆری نەبرد دەسەڵات لە دەستی ئەیوبییەکان و سەلجوقیەکانیش سەنرایەوە. ئەو کاتەی ( مەمالیکەکان ) دەرکەوتن توانیان ئەیوبیەکان لەسەر دەسەڵات لابەن و لە ( میسرو وڵاتی شام )دا خۆیان بکەنە دەسەڵاتداری ( مەمالیکەکان ).
کۆنە کوێلەکانی ژێردەستی ئەیوبیەکان بوون، بەتێپەربوونی کات زۆر دەسەلاتی سەربازیان وەرگرتبوو توانیان زۆر پۆستی باڵا مسۆگەر بکەن
هەرچی سەلجوقیەکانیش بوون لەو کاتەیدا ناوچەکە ڕووبەرووی هێرش و داگیرکاری تازەبوون ئەوانیش بەتەواوی دەسەلاتیان لەدەستدا.
پەلامارو داگیرکاری تازە مەغۆلەکان ئە نجامیاندا و ( هۆلاکۆ ) سەرکردایەتی دەکرد، ساڵی ( 1235 ) هۆلاکۆ هێرشی بردۆتە سەر خۆرهەلاتی ئیران و بنەمالەیەکی دەسەلات داری بونیات ناو دواتر پەلاماری میرە کوردەکان و سەلجوقیەکانی خۆرهەلاتی کوردستانی داوە، ئەوکاتەش ساڵی( 1258 ) شاری بەغدایان داگیرکرد ئیدی خەلافەتە

سەرزارییەکەی عەباسیشیان کۆتایی بێهێناوە دوا خلیفەی عەباسیشیان لەسێدارە داوە،کوردستانیش وەکو هەموو ئەو ولاتانەی سوپای مەغۆلەکان پێیدا تێپەر بوون دوو چاری وێران وماڵکاولیەکی زۆر بوونەوە.
هەر لەودەمەدا دەولەتی عوسمانلی لە خۆرئاوای ئەنازۆل و چەندین مێرنشینی کوردی دیکەش بەدیار کەوتوون لە وانە مێرنشینی ( موزەفەریە ) لەلورستان و خۆرهەلاّتی کوردستاندا.
لەدوا دوایەکانی ئەو سەدەیەدا شالاّوێکی دیکەی داگیرکاروو پەلاماری سەربازی گەلْ و خێلەکانی ئاسیای ناوەراست دەستی پێکردۆتەوە،ئەمجارەیان ( تە یموری لەنگ ) سەرکردایەتی کردووەو،تەواوی کوردستان و ئەنازۆلی رامالیوەو لەرووی وێران کردن و ماڵکاولکردنەوە ئەویش لەهۆلاکۆ خرپتر بوو،بەلاّم ماوەی دەسەلاّتیان کورد بووە.

## چاخە نوێیەکان

لە سەرەتای سەدەی شازدەیمدا لە خۆرهەلاّتی ناوەراست دا هێزێکی تازەی دیکە دەرکەوت.ئەو هێزە تازەیەش دەوڵەتی سەفەوی ئیرانی بوو .کە تەواوی ئیرانی رزگار کردبوو . هەروەها نیوەی کوردستانی داجیرکردبوو بە سوپایەکی زۆری بەهێزەوە بەرەو (ئەنازۆڵ)یش دەرۆیشت.ئەمەش لە خۆیدا هەرەشەیکی زۆری بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی دروست دەکرد.کە ئەو کات لە ئەوروپای خۆرهەلاّت دا سەر گەرمی رزگارکردنی خاکی زیاتر بوو.پاش دەرکەوتنی ئەم هەرەشە ترسناکە.عوسمانیەکان روویان بەلای خۆرهەلاّت دا وەرچەخاندو خودی (سوڵتان سەلیمی یەکەم )سوپایەکی بێشوماری بەرەو کوردستان هێناو.ساڵی ( 1514ز)
بۆیەکەمین جار عوسمانیەکان هاتنە کوردستانەوە.
ساڵی( 1514ز) لە ( چاڵدێران )دا هەردوو سوپای سەفەوی و عوسمانی پێك گەیشتن.تەواوی میرە کوردەکانیش کە لە ژێر ئالاّی میری بەدلیسی دا یەکیان گرتبوو پشتیوانیان لە عوسامانییەکان دەکرد.لە گۆرەپانی جەنگ دا سەفەوییەکان شکستیان خواردو کوردستان و عێراق دەرگەیان بۆ عوسمانییەکان والاّ کردەوە.بەو جۆرە هەتا دوادواییەکانی سەدەی (نۆزدەیەمیش)شەرو پیکدادان لە نێوان هەردو دەوڵەت دا هەر درێژەی هەبوو.لە دوایشدا مەسەلەکە بووە کێشەی نێوانیان لە سەر سنوور.هەرچەندە بە گوێرەی پەیماننامەی(ئەرزرۆم )ی ساڵی( 1639 )بە کردەنی کوردستان لە نێوان ئەو دوو هێزە دا دابەش کرابوو.بەلاّم دابەش کردنەکە نەبۆتە هۆی لە ناوچوونی دەسەلاّتی هەرمایەتی میرە کوردەکان.دابەش کردنەکە سە زارەکی و هەر بە ناو بووە .چونکە هەردوو هێز بۆ ئەوەی سنوورەکانیان و ناوچەی دەسرۆیشتووی و خۆیان و گۆرەپانی ململانێکە یان بپارێزن پێویستییان بە هێزی کوردان هەبووە .تا دوادواییەکانی سەدەی (هەژدەیەمیش)سوڵتانەکانی عوسمانی بایەخی زۆریان بە میرە کوردەکان داوە

.دەوڵەتی گفتی ئەوەی پێدا بوون گەر ئەوان لە شەری هەردوو دەوڵەت دا لە دژی سەفەوییەکان بدەنە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی .ئەوا بابولعالی دەست لە کاروباری ناوخۆیان و دەسەلاتی ئۆتۆنۆمییان وەرنادات

هەر لە سەدەی ( پانزەیەمەوە )زۆرمرنیشینی کوردی بەهێز دەرکەوتن لەوانە میرنیشینی لەوانە میرنیشی( بەدلیس و بۆتان و هەکاری.بادینان و بابان و سۆران )و مللی ئەمانە لە چوارچیوەی دەسەلاتی عوسمانییەکاندا بوون .

هەرچی میرنیشینەکانی ( لۆرستان و ئەردەلان و موکریان )لە چوارچیوەی دەوڵەتی سەفەوییدا دەرکەوتوون .

لە نێوان سالأنی( 1752-1779 )دا کەریمخانی زەنگ کە میرێکی کورد بوو حوکمرانی تەواوی ولأتی فارسەکانی کردووە

لە کۆتایی سەدەی ( هەژدەیەمەوە )هەردوو ئیمپراتۆرییەتەکە( بە تایبەتی عوسمانی )هەوڵیان داوە تا زۆرترین رادە دەسەلاتی ناوەندی خۆیان بەسەر ئەم میرنیشینانەدا بسەپێنن ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان کورد اەگەڵ هەردوو لا ئیران و عوسمانییەکان تێکبچێ و پشێوی تێبکەوی .لەو کاتەوە لا پەرەی توندو تیژی و دوژمنایەتی رەق و کینە لە نێوانیان دا کرایەوە.مێژوو گەواهی بۆ میرە کوردەکان دەدات.کە ئەو میرانە زۆر جاران لە دژی ئەو دوو دەوڵەتە بەهێزە را پەریون هەر کاتێك هەلی باشیان دەسکەوتبێ سەربەخۆیی تەواوەتی خۆیان راگەیاندووە .هەر بۆ نموونە.

1-لە سالی1806عەبدولرحمان پاشای میری بابان ئەم هەلوێستەی هەبووە.

2-موحەممەد پاشای میری سۆران( 1835-1837 )

3-بەدرخان بەگی میری بۆتان ( 1839-1847 )

4-سالی1843ئەحمەد پاشای بابان هەمان هەلوێستی ئازادی و سەربەخۆ خوازیان هەبووە .

زۆرجاریش بووە ئەو میرانە هاوپەیمانێتی و پێبەندبوونی خۆیان لەگەڵ عوسمانییەکان واز لێ هێناوەو چوونەتە پاڵ فارسەکان یاخود هەبوون بە پێچەوانەیان دەکرد.

زۆر لەو میرانەش هەبوون لە یەك کاتدا دوژمنایەتی عوسمانی و ئیرانیە کانشیان کردووە . نموونەی ئەمانەش.

1-میر یەزدان شیر( 1853-18569 )

2-شێخ عوبەیدوڵلای نەهری( 1880-1884 )